# چۆن بتوانین ئەقڵی کوردی لە بێخەوە راتەکێنین؟

غەفور ساڵح عەبدڵا



**بابەتێکی کراوەیە بۆ لێدوان لەسەری ،با هەموو لایەك بەشداری بین دوور لە دەمارگیریی و هەڵچوون وخۆ گیڤکردنەوە ، بگرە زانستیانە و بابەتیانە بین..**

---

**لێم گەرێن بابگریم، چەند زۆرن ئەوانەی بە هەڵوێستەکانی گریان پیٚ دەکەنن ،**
**لێم گەرێن باخەم بخۆم چەند زۆرن ئەوانەی لەبەردەم کەژاوەی خەمەکاندا دڵخۆشن،، لێم گەرێن با رەخنە بگرم، چەند زۆرن ئەوانەی بە هەموو پڕ و پووچیەکان سەرسامن،**
**لێم گەرێن با بەرامبەر خۆم نارەزایی دەربڕم ..**
**-عەبدڵا ئەلقوصەیمی-**

---

یەکەم تەنگژە کە کورد پێوەی دەناڵێنیٚ ، تەنگژەی ئەقڵە ، چونکی ئەقڵی کوردی تا ئیستا لە بۆتەیەکی تەسکی کلتوری ناوشاخی گیریخواردوە و، لەودیوی ئەو شاخانەوە هیچی دیکەی نەدیوە ، بۆیە دەبینین هەر بۆ نموونەش، ئەقڵی کوردی کاتیٚ لەو بۆتەی کەلتورە گیرخواردوە رزگاری دەبیٚ،دەچێتە نێو کەلتورێکی بەربلاۆترەوە کە توانای کردنەوەی زیاترە. بۆ نموونە دوو کەڵە مێژوونووسی عەرەب بە رچەڵەك کورد بوون ( ئیبن خەلدوون و ئیبن ئەسیر) زەهاوی ورەساڤی و تەیمووریەکان لە میسر و عەباس مەحموود عەقاد ، بڵند حەیدەری وزۆری تر، لە ناو کەلتوری تورکیش وەهایە و، لەناو کەلتوری فارسیش هەروەها، بۆ نموونە ئەگەر بڵند حەیدەری بەکوردی بینووسیبایە ، هەر هێندەی گۆران و شێرکۆ بیٚ کەس دەناسرا ، بەلاّم کاتیٚ بەعەرەبی نووسی ، بووە یەکێك لە داهینەرانی شیعری ئازادی عەرەب. کەچی دەمرێت کورد بە کورد بوونی دڵی خۆشە و لە هەولێر پرسەی بۆ دەگرێت . زۆر نموونەی دیکە هەیە. یان ئەگەر سەلاحەدین ئەیووبی، دەمارگیریی ئایینی داینەبڕیبا لە نەتەوەکەی و ، لە شەڕی خاچپەرستاندا نەدەبووە قارەمانێکی عەرەب ، ئەگەر ئەو شەڕەی بدۆڕانایە ئیستا بەلانی کەمەوە کورد دەبووە بەشێکی کەلتووری ئایینی کریست و،دەروی رەحمەتی پێشکەوتنی لەبەردەمیدا دەکرایەوەو ، نەدەبووە بەشێك لە کەلتوری دواکەوتووی ئیسلامی وعەرەبی ، کورد تائیستا چەوساوەی دەستی ئەو کەلتورەیە و ، هەموو قەتڵ وعام و قڕکردنەکانی لەلایەن خەڵکی ئەو کەلتورەوە بووە، چ عەرەب بووبن چ فارس

بووبن چ تورك بوون. هیچ رۆژێك كورد كێشەی نەبوو لەگەڵ كەلتوری كریستی یان جوولەكە، هەر بەفیتی ئیسلامە عوسمانیەكانیش بوو بەشێك لە كورد لە توركیا بەشداری قەتڵ وعامی ئەرمەنیەكان بوو. سەلاحەدین ئەگەر لە شەڕی خاچپەرستان دۆرابایە وەكو شاعیری فەلەستینی (مەعین بەسیسۆ)دەڵێ دەبووە سەگێكی كوردی، بەڵام كە سەركەووت بووە قارمانێكی عەرەب.

كورد تا ئیستا یاخی بوویەكی ئایینی سووفی وەكو (حەلاج)ی نەبووە ، تا شەڕی خەلافەتی دەسەلات بكات و، بێ ترسانە گەورەترین هێزی رۆحی گەردوونی خستە ژێر باخەڵی خۆیەوەو، بێ ترس لە كوشتن وسووتاندن.. بەرای من چونكی ئەقڵی كوردی نەهێندە خەمخۆری گەڕان و پرسیار بووە ، نەهێندەش جورئەتی هەبووە كە پێڕەوی خێلەكێتی بشكێنێ و بە ئیستاشەوە. ئەم دوو ئاكارەش زادەی ئەقڵی گەورەیە ، نەك ئەقڵی بچووك. بێگومان كورد هەمیشە مێژووی پڕ شەڕوشوور بووە، نەیانهێشتووە بپەرژێتە سەر خۆی، یان خوی نەیویستووە، عەرەب دوای پەیامی (محەمەدی كوڕی عەبدلا) لە ژێردەستەیی و شەڕ وشووڕی بەردەوامی ناخۆی خێلە عەرەبەكان لە بیابانی عەرەب رزگاری بوو، كەوتە مشوور خواردنی دورووست كردنی دەسەلاتی یەك پارچەیی عەرەب و ،پەل هاویشتن لە سەردەمی كەسێكی ناسیۆنالیستی وەكو (عومەری كوڕی خەتاب) ، بۆ داگیركردنی وولات و میللەتانی دیكەی ناعەرەب و، سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوایەتیان، بە بیانووی بانگەشەی ئایینی. گەرچی كورد تا رادەیەك لەو مەینەتیە رزگاری بوو، بەڵام هەر بەدواكەوتووی مایەوە ، چونكی كەوتە داوی كەلتووری ئیسلامەوە.دیارە شاخەكانی كوردستان هەرچەندێك دەوریان هەبووە لە گیرخواردنی ، هێندەش دەوریان هەبووە لەپاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی تا رادەیەك. بۆیە ئەو میللەتانەی یاخی بوون و لە بیری خێلایەتی دابڕاون، توانیوویانە ببنە خشتێك لە بنیاتنانی شارستانیەك ، كورد یەكێكە لەو میللەتانەی ، وەكو (عەبدلا ئەلقوصەیمی) دەڵێ ،بلیمەتی یاخی بووی نەبووە ، وەكو شتێك بەبێ دایك و باوك لە دایك بوویێت ، یان وەكو لە دایكبوونی شتێك تا ناكۆكی دایك و باوك بێت ،تا قەڵەمبازی نوێ ی یەك لە دوای یەك ببەخشنە ژیان. بۆ ئەوەی ببنە یاخیبووی رووخێنەر. بۆیە مرۆڤی كورد خراپترین بەختی هەیە ، بەدەر لە هەموو گیانەوەرەكانی دیكە.

تا ئیستا ئەقڵی كوردی لە دوای پەیابوونی (زەردەشت)ەوە ، یاخیەكی رووناكبیری بە خۆیەوە نەبینیوە، هەمیشە لەگەڵ رەوتە مێژوویی و ئاینیەكاندا هاوشان و پابەند بووە. گەرچی ئایین نیە داوای رۆشنگەریی و پێشكەوتن بكات. بۆ نموونەش لە ئەوروپا دوای رێنیساس، دوای كزبوونی دەسەڵاتی كەنیسە لە ژیانی مرۆڤی كریستیدا. ئیدی گەشەی پیشەسازی وكۆمەڵایەتی و كەلتوری برەوی سەندو، بە تەواویش كڵێسە لە هەموو بوارە گشتیەكان كشایەوە ، لەژێر زەبری بیرو باوەڕی ئینقلابیانەی (مارتن لۆسەر)دا.. ئایین جگە لەوەی مرۆڤ دەخاتە بەردەم دووڕیانی هەڵبژاردنێكی خەیاڵی دوای مردن دۆزەخ ئەشكەنجەی سووتانی هەتاهەتایی كە تەنها لە خەیاڵی ئەفسانەكاندا هەیە ، وەكو واقیعی مادی فیكریش خەیاڵێكی تۆقێنەری رووتە، یان بەهەشت ئەو ژیانەی لە خەونەكانی مرۆڤیشدا زۆر بە دوور ە. كوردیش وەكو تاكێكی خۆش باوەڕو بێ پرسیار ، یان لەترسا باوەڕی هێناو بە راست بێ یا بەدرۆ، تا بووە بەشێك لە كەلتووری ئایینە یەك لەدوای یەكەكانی رۆژهەلاتی ناوین ، بۆ جاری یەكەمە كورد لەمێژوویەكی دوورو درێژی دا، كە بەزۆر ئایینی بەسەرا دەسەپێ، چونكی پێشتر بە ئارەزوو خواستی خۆی ئایینی هەڵبژاردووە، وەكو زەردەشتی و مەسیحی وجوولەكە وئایینی مەزدەكی ومانی. تا ئیستا لە ماوەی چواردە سەدەدا كەسێك نەهاتووە ئەقڵی كوردی راچەڵەكێنێ و ، بیخاتە بەردەم مەنتیقی پرسیار كردن و بەخۆداچوونەوەدا. زانایەكی ئایینی كورد نەیتوانیوە وەكو ئیمامی غەزالی بكەوێتە گومانەوە و بە دوای راستی دا بگەرێت. با چیتر نەوە یەك لە دوای یەكەكانی كورد لە سیبەری پەرستگا و مزگەوتەكاندا پاڵی تەمەڵی لێ نەدەنەوە، با كەسان هەبن وەكو (عەبدلا ئەلقوصەیمی) ترسمان بشكێنن. ئەوتا دەیان ساڵە زۆرینەی (نوخبە) وخەمخۆرانی ئایندەی عەرەب ووتە بەناوبانگەكەی (ئەلقوصەیمی) دەڵێنەوە ( عەرەب دیاردەیەكی دەنگە) . با كوردیش ئیدی لە چاو سووركردنەوەی ئووسوڵیەكان نەترسن و، سیاسیەكانی كوردیش پشان پشانیان بۆ نەكەن.ئیستا ئەوەندە ژنی لەچك بەسەری كورد زۆرە ، ئەوەندە لە ئەفغانستان نیە، دەبێ زانكۆكان لەلایەن گەنجە عیلمانیەكانەوە كۆنترۆڵ بكرێن و ، دەست بكەنە بەهۆشیار كردنەوەی لاوان و ، مێژووی كوردیان بۆ بگێڕنەوە ، كە كورد بەزۆر لە ئایینی نەتەوەیی خۆی بچڕێنراوە و، بەزەبری شمشێر لە كاتی (عومەری كوڕی خەتاب ) كوردستان داگیركراوە، مێژوویش شایەتە كە ژن و كچی كوردیان بە (سبی) برد بۆ عەرەبستان، كەچیش زۆربەی نێرینەی كورد ناویان(عومەر)ە !.. بە كیژانی كورد بڵێین كە ژنی كورد تا داگیركردنی كوردستان ، لەلایەن خەلافەتی عوسمانی ئیسلامیەوە عەبا و پەچەی نەدەزانی، ئەم لەچكە ئیسلامیەیی نەزانی بوو. .
ئیسلامیەكان دوای ئەوەی قاعیدەیش شكستی هێناوە ،هێشتا زمانیان لە كورستانی باشووردا درێژەو، لە سایەی رەوتی گەندەڵی بەشێك لە دەسەڵاتی كوردی ، دەیانەوە لەرێ ی مینبەری مزگەوتەكانەوە قووم بكەنە چاوی خەڵكەوە ، دواتریش لە بەرنامەكەی (رەنج سەنگاوی ) لە ئێوارەی رۆژی 15ی/4/20008 بەدیار كەوت كە ئەو گرووپانە چەند لە سایەیەی لاوازی بانگەشەچیەكانی عیلمانیەكانەوە هەل دەقۆزنەوە بۆ مەبەستی شاراوەی خۆیان. با كەسێك هەبێ ترسی ئەو خەڵكە تۆقێنراوە بە ئاگری دۆزەخ و عەزابی قەبر بشكێنێ.

ئەگەر وانەبێ کورد سەدان ساڵی دیکە خۆی لە سەر پشتی کەرێ دەبینێتەوە. چیتریش قەبووڵ نەکرێ لە سەرکردە سیاسیەکانی باشوور ، کە ئەوەندەی بە تەنگی درووست کردنی پەرستگا و کڵێسەو مزگەوتەوەن ، ئەوەندە بەتەنگی درووستکردنی لانەی هەتیوان وپەککەوتەکان ولانەوازان وهەژاران و شوێنی پیشەوەریی و کارەگەی پیشەسازییەوە نین. ئەمڕۆ چەکی بەرەنگاربوونەوەی ئەو گرووپانە تۆقاندنی لابەلایی وهەڕەشەکردنە، بۆ نموونە (عەبدل خالق مەعروف و مەریوان هەڵەبجەیی) یەکەمیان تیرۆر کرا و دوەمیشان لەترسان سەری خۆی هەڵگرت. بۆیە ئەمڕۆ سەرکردایەتی کورد لەم رەوشە خراپانەی ئەم جۆرە ئەجندانە بەرپرسیارە...

باکەسێك هەبێت پرۆگرامی سەلەفیانەی خوێندنگانمان هەڵبوەشێنێتەوەو،پرۆگرامی مۆدێرنانەیان بۆ داریژین وئەوەتا سەعوویەی وەهابی بە خۆیاندا دەچنەوە و بەرنامەی سەلەفیلنەی خوێندنگاکانیان هەڵدەوەشێننەوە، با فێرمان کات چۆن دابڕانێکی مەعریفی لەگەڵ ئەو رابردووە پڕ نەهامەتی و پڕ شکستیانەی کورد بکەین. (عەبدلآ ئەلقوصەیمی) دەڵێ:(هەڵویستی مەزهەبیمان و کۆمەلآیەتیمان و ئەخلاقی و فیکری مرۆڤایەتی وئایینیمان، نە هەلوێستی ئایینی و نەهەڵویستی مەزهەبی و نەفیکری و نە ئەخلاقیە و نەرووحیە و نە کۆمەلآیەتیەو نەمرۆڤایەتیە. بگرە هەڵوێستی خێلەکی و خێزانی و ماڵیی وجەستەییە. هەڵوێستی کوشتارو بازرگانی و دژایەتی و کێبڕکێ و دوژمنایەتیە ، زمانێکی مێژوویی هەتا هەتاییە ، کە هەموو مرۆڤێك و هەموو کۆمەڵگاییەك خەم وئازار و پێداویستی و خواستی و گیروگرفتی خێڵەکەی یان خێزانەکەی یان جەستەی یان شەهوەتی یا مێژووەکەی یان ترسەکانی پێ دەردەبڕێت. خێڵەکەی یان بنەماڵەکەی مەزهەب و خواپەرستی و خوداوەند وپێغەمبەرو مەنتیق و رێنمایەکانی بۆ دادەرێژێت). کورد کەلتورەکەی هێندە بڕناکات تا لە مێژووە پڕ شکستیەکانی خۆی دەربازکات و، بەدەر لەبیری ئایینی بۆ راستیەکان بگەرێت. هەرکەلتورێك نەتوانێت خۆی لە بۆتەی سەلەفیانەی مێژوو رزگارکات، ناتوانێ کەلتورێکی شۆرشگێر بێت. واتا ئینقیلابی بێت، پێشکەوتوو بێت. کەلتوری کورد گیرخواردووی مێژوویەکی سەلەفیانەیە،زیاتر لەماوەی هەزار و چوارسەد ساڵە پەنگی خواردوەتەوەو،دۆش داماوە لە بەردەم فەرموودە ئایینیەکان، مێژووی کورد بێگومان مێژووی شکستیەکانە، چونکی لە رووداوەکانی مێژووی هەرگیز سەرکەوتنی بەدەست نەهێناوە، وەکو ئەوەی فتوحاتی عەرەبی ئیسلامی بەدەستی هێناوەو ، زۆر لەزەوی میللەتانی لەرێگەی ئایینەوە خستە ژێر رکێفی خۆیەوە ، تەنانەت ناسنامەی هەندێ میللەت و نەتەوەیشی سڕیەوە ، بۆ نموونە میللەتی(میسر)ی بەرەگەز فیرعەونی و، میللەتانی باکووری ئەفریقیا ،قرتاجیەکان لە توونسیا وئەمازیغیەکان لە مەراکۆ(مەغریب)و جەیزیریا(جەزائیر) و، بوونە بەشێك لە کەلتووری ئیسلامی عەرەبی..(ئەکتاڤێو باز) دەڵی: ئایینی ئیسلام ئایینی شمشێرە.. هەربۆیە گرووپە توندرەوە ئیسلامییەکان بڕوایان بەو ئەجندایە هەیە. ئێمە خاوەن ئەجندایەکین وەکو ئەو شێخەی کە زمان و تەزبیحاتەکانی پڕن لەخواو ، بۆچوونەکانی خۆی بەرامبەری و پڕ لە ترس لەوو لەجەهەنەم. پاشان ئەندامەکانی و شەهوەتەکانی پڕدەکات لە درۆو خیانەت و گوناهی بچووك ولە بەهێزپەرستی ، کە ئەمەیان لە زەندیقترین کەس لەجیهاندا کافرترە. ئەمە قسەی (عەبدلآ ئەلقوصەیمی)یە..

زۆربەی شۆشگیرەکانی ئێمە موغامەرەچی بوون دژ بە دەسەلآتدارێکی چاکخواز و ، سازشکەر بوون لە گەڵ فەرمانڕەواکان و دڕندەکاندا ، بۆ نموونە لەگەڵ حەمەرەزا شا وکۆماری ئیسلامی و سەدام حوسێن و نەوەکانی ئەتاتورکدا..ئەمڕۆ دەسەلآتی کوردی لەباشوور دەوریکی خراپ دەگێڕێ لەم رووەوە.

ئەمڕۆ گۆرانکای و بەرەنگابوونەوەی مێژوو و واقیعی تاڵی کورد لە ئەستۆی گەنجاندایە، بێگومان ئەو گەنجانەی لە کتێبخانە و زانکۆ و کۆفیەکانی ئەنتەرنێت و میدیاکان و بوارە کەلتووریەکان بوونیان هەیە ، نەك ئەو گەنجانەی دەچنە پەرستگا و مزگەوتەکان ، ئێمە ناتوانین رێگا لەوانە بگرین نەچنە پەرستگاو شوێنە ئایینیەکان،لە سەر بنەمای باوەڕبوون بە ئازادی بیرەوباوەڕ و، بەمەرجێ زەرەرمەند نەبێ بە تێزە کۆمەلآیەتیەکان و ئەخلاقیەتی کۆمەڵگا. شۆرشەکانی کورد هەمیشە لەتەکیە و دیوەخانی شێخان و سەیدان و مەلا و پیاوانی ئایینەوە سەرچاوەیان گرتبوو ، بۆیە هیچیان نەگەیشتنە ئەنجام، بگرە کۆڵێ شکستی و ماڵوێرانی وکاولکردنی کوردستانیان لە گەڵ خۆیاندا هێنا، زۆربەشیان بە فەتوای مەلایەك ئاشبەتاڵیان لێ دەکرد. بۆ نموونە شۆرشی پاشای کوێرە ، شورشەکەی شێخ سەعیدی پیران، بەدرۆو دەلەسەی تورکەکان خۆی دایەدەستەوە، هەمیشە ئەو وێنە نابووتەی دوای خۆبەدەستەوەدانی شێخ سەعیدو هاورێکانی ، بە جل و بەرگی پەرپووت و دیشداشەو کەواو سەڵتەوەو، لەسەر زەویەکی خۆڵەپەتانی بەسەرشۆری وبێدەسەلآت دانیشتوون، کۆمەڵی سەربازی تورك بەجل و بەرگی سەربازی پاك وخاوێنەوە لە پشتیانەوە بە لەخۆباییەوە راوەستاوون. ئەمە وێنەی زۆربەی شکستەکانی کوردن. شکستی 1975یش دەیان وێنەی ئاوهای لێ درووست بوو، دەمانبینی پۆل پۆل پێشمەرگە لەمەراق رەش هەڵگەراو و رەنج بەخەسار چەکەکانیان دادەنا لەبەردەم سەربازە عەرەبەکانی عێراق .. کوڕێکی ئاشووری مووسلآوی رەفیقم بەچاوێکی مەگەرساتاویتر لە نموونەیەکدا ئەوەی بۆ گێرامەوە کە هەرپیشمەرگەیەك، بەتایبەتی لە هەولێریش بوو، کە کلاشینکۆفەکەی تەسلیم

دەکرد بڕە پاریەکیان دەدایێ ، ئیدی خۆێ دەکرد بە چیشتخانەیەکەوە و داوای مریشکی دەکرد، ئەو برادەرە ئاشووریە پێ ی دەووتم کوردەکان کلاشینکۆفێکیان بە مریشکێك دەگۆڕیەوە؟!. ئیدی ئەم قسەیە زۆر توانجی هەڵدەگرت وهەڵدەگرێت.

میللەتی بەهرەمەند ئاوها بە ئاسانی تووشی کۆمەڵێك شکستی نابیت ، کورد یەکێکە لەو میللەتە بێ بەهرانە .. کورد ئاشقی دورشم وسروودوکانە،(ئەی رەقیب هەرماوە قەومی کورد زمان ، نایشکێنێ دانەری تۆپی زەمان).دڵی زۆر پێی خۆشە ، لەبەر ئەو سرووده وا بەکەژەکانەوە، مانی لەمانی ئەو سروودو دورشمانەیە. گەرچی هەندێ (مان) هەیە نەبوونی باشترە، (مان)ی ژێردەستەیی وبێ وولاتی ، کورد پیاوە یاخیەکانی بە دەستی خۆی ناکوژێت ، بگرە دوژمنی لێ هاندەدا وبۆ لەناوبردنی ، وەکو بەکوشتدانی شاسوار جەلال(شەهید ئارام) و (عەبدل خالق مەعرووف)، مەلاکان نەیانتوانی بیکوژن، بگرە هانی پیاوکوژەکانی بەعسیان دا و تیرۆریان کرد بە رۆژی نیوەرۆ. (عەبدلا ئەلقوصەیمی) دەڵێ:( خراپترین شت لەلای ئایین پەروەرەکان ئەوەیە لە گەندەڵەکان دەبوورن ، بەلام لەبیرمەندەکان نابوورن، چونکی ئەوەی لەلای ئایین پەروەرەکان مەتڵەبە پاراستنی کۆنەویستی بیرکردنەوەیە، نەك رەوشتی پاکی.)..

سەرانی کورد هەمیشە چاویان لە سەرانی دوژمنەکانیانە ، شێخ سەعیدی پیران بەقسەیەکی درۆی ئەتاتورك هەڵخەڵەتا و، خۆی هاورێکانی دایە دەستەوە، مستەفا بارزانی بە هەڕەشەیەکی حەمەرەزا شا دەستی لە شۆڕش هەڵگرت . ئێمە خۆمان نامانەوێ خاوەن دەوڵەت بین، چونکی ئێمەی کورد بە بێ عەرەب وفارس وتورك هەست بە فەراغ دەکەین، ئەوان نین کە ناهێڵن کورد سەربەخۆ بیت، بگرە سەران و ئەوانەی ریشی کوردیان بەدەستە نایانەوێت. کورد هێندەی خەڵکی (جزرالقمر) ی پێ ناکرێت، کە لە حەوسەد هەزار کەس کەمترن، سێ دوورگەیان لەیەکداو، بوون بە رەقمێك لە نەتەوە یەکگرتووەکان. بوونە خاوەنی ڕاو قەوارەو دەنگ و کەرامەتی نەتەوەیی خۆیان. کەچی (40) ملیون کوردین و هیشتا بەزەییمان بە خۆماندا دێتەوە، کە ووتەکەی (ژان پۆڵ سارتەر) مان بیردەکەوێتەوە ووتوویە(کورد هەتیوەکانی گەردوونن)..هەموو میللەتان هەتیوو بوون ، بەلام پیاوە داناکانیان ئازا بوون . کەچی ئێمە خۆمان چووین لەشکرمان هێنایە سەرسلێمانی و، (نالی)مان ولات بەدەر کرد، لە داخی دووبەرەکی وسەرخەواندن بۆ دوژمن (حاجی قادری کۆیی) سەری خۆی هەڵگرت..

نابێ ئیتر ئێمە لە دەربڕینی بیرو بۆچوونەکانی خۆمان بترسین،بە قسە بێ یان لە بلاوکراوەکاندا بلاویان بکەینەوە. دەبێ خاوەن میدیا و رۆژنامە کوردیەکان نەبنە سانسۆر لەترسی دەسەلاتی سیاسەت و دەسەلاتی ئایین، دەبێ نەوەکانیش جەربەزە وچاونەترس بن ، ئەگینا ئەو میللەتانەی ترسنۆك بوون لەناوچوون ، وەکو بابلیەکان و سۆمەریەکان لەعێراق و ، ئەباچیەکان لە ئەمەریکا. کورد لە دێر زەماندا لە بێ ترسی و چاو نەترسی خۆیدا ماوەتەوە، ئەمەیان لە سەردەمێك بوو کە لۆژێکی هێز وپاڵەوانیەتی بەردەوام بوو، نەك وەکو ئیستا دەسەلاتی ئایین و ئوسووڵی توند رەو و عەولەمەیە. دەبێ ئەقڵی کوردی ، واتا بیرکردنەوەی بگۆڕدرێی بە پێشکوترین کەلتور ، نەك بۆ خراپترین ودواکەوتووترین کەلتور، ئەقڵی کورد واتای ئەو جیهازە گوشتیە نیە کە لەناو کەللەی سەریەتی، بگرە دەورو بەر و رۆشنبیریی و پەروەردەوە و ئاراستەکردنە ، تاکی کوردی بۆ ئەوەی بەرچاوی ئەقڵی رووناك بێتەوە، دەبێ لە مەسەلەی (مانع العقل) : سەرو بەست وکلاوجەمانی کە لەکەلتوری میللەتانی داگیرکەری کوردستانە و بۆمان ماوەتەوە رزگاری بێت. دەبێ گەنجانی کورد بەرەو خوێندنگاکان وزانکۆکان ئاراستە بکرێن ، نەك بەرەو مزگەوت و پەرستگاکان و، نابی چیتر لەبەردەم کەلتوری هەزارو چوارسەد ساڵی عەرەب ودوورگەی عەرەب دۆشداماو بین. نابێ خۆمان بخەڵەتێنین بەوەی گوایە کەلتوری ئیسلام کەلتوری عەرەب نیە، چونکی زمانی قورئان باشترین بەڵگەیە ، ئیستاش پیاوانی ئایینی کورد پێیان کوفرە قورئان بکرێت بە کوردی. کەچی ئینجیل بەزمانی میللەتانە، هەر میللەتێك و بەزمانی خۆی.

ئێمە پێویستمان بە ریفۆرمە ، بەلام کام ریفۆرم ؟ تەنها ریفۆرمی حیزبی و سیاسی نا، ریفۆرمی ململانێ نا، بگرە ریفۆرمی ئەقڵ و کلتور و بیرکردنەوە و ریفۆرمی خیتابی جدی ، دەبێ ریفۆرمێك بێ بەدەر لە کاردانەوەی دەورووبەرمان، بگرە دەبێ ریفۆرمێك بێ لە ناوجەرگەی کارەساتەکانمانەوە هەڵقولابێت، ئەمەیش پێویستی بەوەیە لە کۆنکرێتی و ئەجندای فیکری سیاسی ئەمرۆی کورد خۆمان رزگار بکەین . یان هیچ نەبێ لێ ی دوور بین. ئەم ئەرکە مێژوویەش دەکەوێتە ئەستۆی (نوخبە) ی کوردی، واتا کەسە بەتوانا هەڵبژاردە خوینەوارەکان لە هەموو بوارەکان دا، بەرەنگاربوونەوە لە سەنگەری هەمەلایەن و جوداوە دەست پێ ناکات ، بگرە دەبێ سەنگەرێك هەبێ ئەو (نوخبە)یە کوردیانە لە خۆبگرێت. بێگومان نابێ سەنگەری حیزبی بێ ، بگرە دەبێ سەنگەرێك بێ یەك ئامانج کۆیان کاتەوە، ئەویش ئامانجی گۆرانی کۆمەڵگای کوردەواریی بێت. (عەلی حەرب) دەڵێ:(بەو شێوەیە جیهان دەگۆرێت و بێگومان ئێمەیش دەگۆڕێین بەرەودواوە یان بەرەو پێشەوە، یان بۆ دوواکەوتوویی یان بەگەشەکردن،کەس وەکو خۆی نامێنێتەوە، لەبەر رۆشنایی گۆرانکارییە خێرا و گەورە و پلیشێنەرەکاندا). ئەو گۆڕانە سەرەتا دەبێ کورد لە ئەقلیەوە دەست پێ بکات ، بێگومان هەندێ لەوانەیەیە وای بۆ بچن کە

ئەم داخوازی و ئامانجە پێویستی بە قۆناغێك هەیە، بێ شك پێویست بە قۆناغێك هەیە، بۆ زەمینە خۆشكردن بۆ ئەو ریفۆرمەی كە لە ئەقڵی كوردیدا ئەنجامی دەدەین، دەشێ یان من ناتوانم مەرجەكانی ئەو ریفۆرمە دەسنیشان بكەم ، بۆیە دەیخەمە بەردەم رووناكبیرانی راستەقنیە ، نەك نەخوینەوارانی لاف و گەزاف لێدەرە و ، لەهەموو ئاشێكی دەكەن، چونكی ئەوانە ناتوانن هیچ نە بۆ ریفۆرم و نەهیچ بۆ گۆڕان بكەن.. ئەم ریفۆرمە پێویستی بەدەستەجەمعە ، پێویستی بە بەشداری نوخبەی هەموو بوارەكانی ژیانە، پێویستی بە بەشداری رێكخراوە چاوكراوەكانی كۆمەڵگای مەدەنی هەیە ، نەك رێكخراوە چاوبەستراوەكان. (عەلی حەرب) دەڵێ:(ریفۆرم ئەگەر سیاسی بوو، یان ئابووری ، یان رۆشنبیریی، پەیوەستە بە دیموكراسیەوە یان بە گەشەپێدانەوە یان بە فێركردن و مەعریفەتەوە،نموونەیەكی حازر بەدەست نیە ، یان پێشتر مل كەچ كەین بۆ تارمایی و پێوانەكانی ، بۆ ئەوەی پراكتیزەی بكەین، بگرە بیرۆكەیەكە و ئیشی لەسەر دەكەین وبەری دەبێت. بە شێوەیەك لە گەڵیدا دەگۆرێت و دەخولقێت، بە قەد ئەوەی بەشداریی تیا دەكەین لە دەوڵەمەندكردنی و دووبارە داهێنانی و، بەشێوەیەك هیچ شتێك لە گەڵیدا وەكو خۆی نامێنێتەوە ، چ لەلایەنی بیرۆكەوە بێت یان لە لایەن بكەرو واقیعەوە بێت).لە كتێبی(زەمەنی مۆدرێنێتە رادەبەدەرەكان)ەوە..

كورد ئەمڕۆ بەتایبەتی لە باشوور وابەستەی كۆمەڵێ گرفتی ناوخۆیی و ناوچەییە و ئاستەنگێكن لەبەردەم نوخبەی كوردی ، تا رادەیەك وای لێكردوە وابەستەی سیاسەتی ئێكسپایەری كوردیش بێت. بۆ نموونە ئەو (نوخبە) كوردیەی كە دەیەوێ ئەم ئەركە مێژوویە ئەنجام بات ، پێویست بە پاڵپشتێكی بەهێزی مادی و مەعنەوی هەیە، جا كام لە هێزە سیاسیە ئێكسپایەرەكانی كورد ئامادەی تەنازوولە و، پاڵپشتی بزووتنەوەیەكی مێژوویی ئاوها بكات ،كە هەڕەشەیە بۆ سەر بەرژەوەندی و پاشەرۆژی دەسەڵاتی خۆیان؟. (عەلی حەرب) دەڵێ:(ئایا لە ریفۆرم و گۆڕان بترسین بۆ روو بە روو بوونەوەی گوشارو و گۆڕاوەكان؟ ئێمە ئەگەر ئەوەمان كرد چەكی خۆمان فڕێدەدەین و شایەتی دەدەین لە سەر دەسەپاچەیی خۆمان، لە ناو گۆڕنكاریە پلێشێنەرەكان و گۆڕاوە جیهانیەكاندا). بۆیە ئەم ئەقڵە كوردیە گیرخواردوە لە ناو دنیای سەلەفیانەی ئایین پەرستی دا، بە زەحمەتە رادەتەكێنرێت و پێویستی بە ئینقیلابی گەورە هەیە و، دەبێ ئەو كەسە ئینقلابیانە پشتگیریی جدیانە بكرێن ، بەرامبەر بەهێزە كۆنەویستەكان و، زەمینە خۆشكردن بۆ پرۆژەكەیان.